گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# تایبەتمەندیەکانی هونەری و جوانیناسی پەیکەرسازی هونەرمەندانی کورد (هەولێر بە نموونە)

**کارزان احمد خضر**

بەشی شێوەکاری، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

karzan8383@gmail.com

**پ. ی. د. ئاراس اسماعیل خضر**

بەشی شوێنەوار، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

Aras.khider@su.edu.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن: ٢٠٢١/٥/٥

پەسەندکردن:٢٠٢١/٦/٢٣

بڵاوکردنەوە:هاوینی ٢٠٢١

**ووشە سەرەکییەکان**

Aesthetic, Characteristics, Sculpture, Art, Artists

Doi:

10.25212/lfu.qzj.6.3.10

## پوختە

هونەری پەیکەرسازی وەک دوانەیەک وایە لە شوناسی مرۆڤایەتیدا، کە بەردەوام بوونیان هەیە لەگەڵ مێژوودا هەر لە دێرزەمانەوە، پەیکەرسازی گوزارشتە لە هەستی ڕاستەقینەی پەیکەرساز و تێڕوانینیەتی لە ژیانی رۆژانەی بۆ بابەتەکان لە کارێکی هونەریدا، کە ئەمەش دەبێتە هۆی گەڕان بەدوای تایبەتمەندی جوانی، بۆیە توێژەر هەولیداوە کار لەسەر ئەم توێژینەوەیەی خوارەوە بکات: (تایبەتمەندیەکانی هونەری و جوانیناسی پەیکەرسازی هونەرمەندانی کورد-هەولێر بە نموونە) و لێرەدا توێژەر باس لە کێشەی لێکۆڵینەوە دەکات: چۆن دەتوانین تایبەتمەندیەکانی هونەری و جوانیناسی پەیکەرسازی هونەرمەندانی کورد-هەولێر بە نموونە دەست نیشان بکەین.؟ توێژینەوەکە خۆی دەبینێتەوە لە پوختە و چوار بەش: بەشی یەکەم لەمانە پێک دێت: گرفتی توێژینەوە، گرنگی توێژینەوە، ئامانجەکان، سنوورەکان: بابەت- تەیبەتمەندیەکانی هونەری و جوانیناسی پەیکەرسازی، شوێن- (هەولێر)، کات- ساڵ (٢٠٠٠ – ٢٠٠٧)، پێناسەی زاراوەکان کە خۆی دەبینێتەوە لە (تایبەتمەندی، جوانیناسی،

پەیکەرسازی، هونەر، هونەرمەند). بەشی دووەم: لە سێ تەوەری سەرەکی پێک دێت وەک: ١-تایبەتمەندیەکانی هونەری و جوانیناسی. ٢-تایبەتمەندیەکانی پەیکەرسازی. ٣-پەیکەرسازی لەلای هونەرمەندانی کورد (هەولێر). بەشی سێیەم پێک دێت لە ڕێرەوی توێژینەوە و کۆمەڵگای توێژینەوە و مشتەی توێژینەوە و ئامراز و کۆکردنەوەی زانیاریەکان و شیکردنەوەی مشتەکان، کە تێدا (٣) مشتە لە شێوازی (مەبەستدار) هەڵبژێردراون. بەشی چوارەم پێک دێت لە (ئەنجام، دەرئەنجام، ڕاسپاردە، پێشنیارەکان) خراونەتەڕوو، کە توێژەر لە میانەی شیکردنەوەی مشتەکان پێی گەیشتووە، وەک ئەم ئەنجامە: بابەتی زانستی جوانیناسی ئەو جوانیە لە هونەر کە مرۆڤ داهێنانی تێدا دەکات، ئەم زانستە بە هونەر ناو دەبرێت، یان وودتر هونەرە جوانەکان، کە دەست نیشان کراوە لە مشتەکان. هەروەها توێژەر پێشنیار دەکات بەم شێوەیە: گرنگی سیمای هونەری و جوانیناسی شێوەکاری و پەیکەرسازی لەهەرێمی کوردستانی عێراق. لەگەڵ **ووشە سەرەکیەکان**: (تایبەتمەندی، جوانیناسی، پەیکەرسازی، هونەر، هونەرمەند).


## ١-چوارچێوەی گشتی توێژینەوە:

١-١ گرفتی توێژینەوە

هونەری پەیکەرسازی نوێنەری گواستنەوەی بیر و هزرە، تەنانەت گوزارشتە لە راستیەکان کە هەڵقوڵاوی ناخی پەیکەرسازەکەیە، لەچەند رووێکەوە تایبەتمەندیەکانی هونەری و جوانیناسی پەیکەرسازی نیشان دەدات، لە رێگای ئەم کارانەوە کە هونەرمەندەکان پێشکەشی دەکەن و نمایشی ئایدیاکانیان دەکەن لەناو شێوەیەک (فۆرمێك) کە هەم لە رووکەش و هەم لە ناوەرۆك، لە رێگای نموونەی زیندووی کارەکانەوە، وە مرۆڤی ئاسایی کاتێک کە شتێک دەبینێت و هەڵوەستەی لەسەر دەکات و کاریگەر دەبێت، ئەوا بە شتێکی هەموار رەنگدانەوەی لەسەر دەبێت کە هەڵگری کۆمەڵێک بیر و هزر دەبێت لە چوارچێوەی قسەکردنی رۆژانە یان بیرکردنەوەی کەسایەتیەکی ئاسایی دەبێت لە رۆژانە، هەر بۆیە کاتێک هونەرمەندێک یان هەر توێژەرێکی زانستی و هونەری روبەرووی هەر کارێکی

ڕۆژانە دەبێتەوە ئەوا زۆر بەباشی و بە هزرێکی ناسک و خۆنەویستانە هەڵسوکەوتی لەگەڵ بابەتەکە دەکات بە شێوەیەکی ئەکادیمی، بۆیە هونەرمەندای شاری هەولێر ئەم سیما هونەری و جوانیناسیەی ڕادیکاڵیەی گرتۆتەبەر کە سەرچاوەی هونەری میزوپۆتامیایە وەک قوتابخانەیەکی ڕەسەنایەتی وەرگرتووە، کە بووە بە بناغەیەک کە تێیدا هونەرمەند لە هەولێر لە کەلەپوری ڕۆشنبیری و میتۆدی هونەری دۆڵی نێوان دووڕووبارەکە لەبەرچاو گرتووە، لێرەشدا لەژێر ڕۆشنایی ئەم رستانەی سەرەوە دەتوانین کێشەی توێژینەوەکە پشان بدەین، توێژەر پرسیارێک دەخاتەروو: چۆن دەتوانین تایبەتمەندیەکانی هونەری و جوانیناسی پەیکەرسازی هونەرمەندانی کورد-هەولێر بە نموونە دەست نیشان بکەین.؟

١-٢ گرنگی توێژینەوە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەی خوارەوەیە:-

أ- ئەم توێژینەوەیە زیاد کردنێکی زانستیە لە پەرتوکخانەکانی زانستی و رۆشنبیری، کە تایبەتمەندی هەیە بە هونەرمەندانی شێوەکاری و (لە بواری پەیکەرسازیدا).

ب- ئەم توێژینەوەیە گرنگی هەیە بۆ توێژەر و قوتابیانی هونەر و وە کەسانی رۆشنبیری لە بوارەکانی هونەر بە گشتی، وە هونەری شێوەکاریش بەتایبەتی.

١-٣ ئامانجی توێژینەوە :

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە ناساندن و پشاندانی سیامی هونەری و جوانی لە تایبەتمەندیەکانی هونەری جوانیناسی و پەیکەرسازی هونەرمەندانی کورد-هەولێر بە نموونە.

١-٤ سنووری توێژینەوە:

سنووری بابەت: تایبەتمەندیەکانی هونەری و جوانیناسی پەیکەرسازی.

سنووری شوێن: هەولێر.

سنووری کاتی : (٢٠٠٠-٢٠٠٧ز).

١-٥ پێناسەی زاراوەکان:

تایبەتمەندی:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە رووی زمانەوانیەوە: لە ڕوانگەی ابن منظور پێناسەی دەکات بەم شێوەیە " نیشانەیە، شوێنەواریە، پەیوەندیەک کە ئەو پێیدەزانێت، کۆکراوەی خەسڵەتەکان، ئەو تایبەتمەندیانەی کە ئەندامانی کەسانێک لە کەسانێکی تر جیا دەکاتەوە، یان ئەو جیا کردنەوەیە لە نێوان ئەندامانی هەمان بوار، وەک کاری وشەکە یان فۆرمە دەرەکیەکەی."، (ابن منظور، ٢٠٠٣، لا٥٧٥).

لە رووی فەلسەفیەوە: لە گۆشەنیگای بنگراد بەم شێوەیە " پرۆسەی بینین بهێنە پێش چاو خودئاگایی و بەدیبوونی خودە تێدا دەجولێنێت، ئەمەش لە درککردندا زۆر ڕوونە، هیچ شتێک لە دەرەوەی ئاماژەکان یان بەبێ ئەوان بوونی نیە،" (بنگراد، ٢٠١٣، لا٧٢).

جوانیناسی:

لە رووی زمانەوانیەوە: ابن منظور پێناسەی دەکات بەم شێوەیە " وشەی جوانیناسی لە جوانیەوە هاتووە، جوانی سەرچاوەی جوانە، رستەیەکی کرداریە، واتا جوانیەکی باشە، کە لە کردار دروست بووە."، (ابن منظور، ٢٠٠٣، لا٦٨٥).

لەرووی فەلسەفیەوە: پێناسەی بەدەوی بەم شێوەییە " بابەتی زانستی جوانیناسی ئەوا جوانیەی لە هونەر کە مرۆڤ داهێنانی تێدا دەکات، ئەم زانستە بە فەلسەفەی هونەر ناو دەبرێت، یان وودتر فەلسەفەیی هونەرە جوانەکان."، (بدوی، ١٩٨٤، لا١٣٧٦).

پەیکەرسازی:

لە رووی زمانەوانیەوە: "وەک ئەوە وایە رۆیشتنی پیتەکان لە رێگای هەڵکەندن، وە چوونە ژوورەوە بۆ ناو میلەت، کە پەیکەرساز زیاد کردن دەکات بۆ کاری هونەری بە سوود وەرگرتن لە شێوەی فۆرمەکان، ئەوەی کە پەیکەرساز پێیداوە، پەیکەرسازەکان بیرۆکەی لە (خانوویان دروست کردووە لە چیا) بە بەرد ئەویش بەمانای پەیکەرسازی دێت." (الفیرز ابادی، ٢٠٠٨، لا١٥٨٧).

لەرووی فەلسەفیەوە: پێناسەی فرید ریک بەم شێوەییە: " پەیکەرسازی جیاوازی دەکات لە نێوان وێنە و هزر تا سنوورێک، لەم روانگەیەوە لێدوانێکە لە گوزارشت کردن کە روونکردنەوەی نوێنەرایەتی گیان و روحە، کە تێکەڵ دەبێت لەگەڵ کەل و پەل، وەک بەرد و روخام و قور،" (ریک، ١٩٩٣، لا١٢٩).

هونەر:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەرووی زمانەوانیەوە: "کارێکی داهێنانە لە بواری وێنەکێشان، پەیکەرسازی، موزیک، وەهەروەها لە هەموو بورەکانی هونەرجوانەکان،"، (عمر، ٢٠٠٨ز، لا١٧٤٦).

لەرووی فەلسەفیەوە: پێناسەی ابراهیم مدکوردا هاتووە "ئاماژە دەکات بە دروستکراوێک بەرامبەر زانست مەبەستی لایەنی تیۆری دەگرێتەوە،"، (مدکور، ١٩٨٣ز، لا١٤٠).

هونەرمەند:

لەرووی زمانەوانیەوە: "هونەرمەند ئەو کەسەیە بەهرەیەکی هونەری هەیە، توانای جولاندنی هەستی جوانی لەلای مرۆڤەکان هەیە، وەک کردنی موزیک، وێنە، هۆنراوە،"، (عمر، ٢٠٠٨ز، لا١٧٤٧).

لەرووی فەلسەفیەوە: لە پێناسەی برتلمیدا هاتووە "هونەرمەند هۆکارێکە بۆ راپەرینی ناوەوە بۆ دەرەوە، کە نوێنەرایەتی بیر و هزر دەکات لە راپەرینە سیاسیەکان یان کۆمەڵایەتیەکان بەشێوەی هونەری،"، (برتلمی، ٢٠١١، لا٦١).

## ٢-چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە:

٢-١ تایبەتمەندیەکانی هونەری و جوانیناسی:

جوانی یان زانستی جوانیناسی زانستی تام و چێژ بینین لە ڕێگای هەستەوەرەکانی مرۆڤەوەیە، کە بووتە هۆکارێك بۆ ئەوەی کە جوانیەکانی پەروەردیگار ببینین و هەستی پێبکەین بە دروست کراوەکانی دەورروبەرمان لە ڕێگای تایبەتمەندیە هونەریەکانی جوانیناسیەوە، کە هۆکارێکە بۆ ئاشنا بوون بەم درک پێکردنە لە ڕێگای چاوەوە، "زانستی جوانیناسی پەیوەستە بە هەستی جوانیناسی، یان هەست کردنە بە جوانی، یان زانینی زانستی هەستی، یان سێۆگرافیای هەستەوەریە، یان وێنە هەستپێکراوەکانە." (ابو دبسە و غیث و الصمادي، ٢٠٠٩، لا١١)، کەواتە هەموو کردارەکانی بینینی جوانیناسی لە ڕێگای هەستەوەرەکانەوە گەڵاڵە دەبێت هەستی مرۆڤ ئەجولێنێت و دەبێتە هۆی چێژ بینین بۆی، دەربارەی پێناسەی جوانیش دەیان و سەدان پێناسەی جیاوازی هەیە سەبارەت بە جوانی لەم گەردونەدا، کە هەر گەلەو بە شێوەیەک پێناسەی کردوە، لە هونەریش جوانی (ئستاتیکا) نوێنەرایەتی فەلسەفە دەکات، "جوانیناسی گوزارشت لە نوێنەرایەتی هزری فەلسەفیە، ئەو ئاراستە هزریەی دروست دەبێت لە ئاستەکانی درک پێکردنی مرۆڤ لە خەسڵەتەکان و شتەکانی دەوروبەر."، (محمود، ٢٠١٠، لا٧)، هەر وەک هەستەوەرکان پێوەری جوانیناسی دیاری دەکات، "هیچ مرۆڤێک ئەمرۆ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ناتوانێت جوانیناسی بزانێت، لەکاتی بەرهەم هێنانی شتی جواندا پێشوەختە هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت دەبینین هیچ رێسایەک نییە تایبەتمەندیی لەسەر بێت کە کاری هونەر لەسەر دەکرێت."، (برتلیمی، ٢٠١١، لا٤-٥)، تەنانەت جوانیناسی لە کاری هونەری تۆزێک قورسە بۆیە پێوانە کردن لە کەسێک بۆ کەسێکی تر جیاوازە، کە بە فەلسەفەی هونەر بە جوانیناسی یا (ئستاتیکا) (aesthetic)ناودەبرێت. "ئەم وشەیە رەچەڵەکی زاراوەی(Esthetiue) ە کە ئەمرۆ لە تەواوی زمانە ئەوروپییەکان بەکاردێت و سەرهەڵدانیشی بۆ سالانی (١٧٥٠-١٧٥٨) دەگەرێتەوە کە فەیلەسوفی ئەڵمانی بەناوی (ئەلیکساندێر گۆتلیب بومگارتن) لە کتێبەکەیدا هەر بەم ناوە بەکاری هێناوە." (ئەحمەدی، ٢٠٠٨، لا٢٨-٢٩)، هەر بۆیە ئستاتیکا یان جوانیناسی یەک واتایان هەیە لە رووی ماناوە، کە باس لە تایبەتمەندی هونەری و زەوی و مرۆڤ دەکات بە هاودەمی، "جوانی بریتییە لە یەکەی پەیوەندی وێنەیی لە درکاندنی هەستیماندا." (رید، ٢٠٠٧، لا٩)، لێرەدا فەلسەفەی هزر و جوانی تەنیا بە دەرکەوتنی فەلسەفە لەگەڵ زانستەکانی تر بوونی هەبووە،"جوانی بەهرەو راستییەکی ژیانە، دەستی ئێمەی مرۆڤیش دەگرێت و بەرەو کامل و بالاییمان دەبات، یەکێکە لەو خەسڵەتە دەگمەنانەی کە هۆشیارانە ئێمەی مرۆڤ لە گیاندارانی دی جیا دەکاتەوە."، (کارێزی، ٢٠٠٦، لا٥)، بۆیە لە تەک فەلسەفەی هزر بەگشتی فەلسەفەی جوانیناسی بەتایبەتی دێتەکایەوە، تەنانەت فەلسەفەی جوانیناسی و تایبەتمەندیەکانی هونەری لە فەلسەفەی هزری جیاناکرێتەوە، بۆیە بەردەوام جوانی دەکەوێتە ململانێی خودیەوە کە لە یەکێک بۆ یەکێکی تر گۆرانکاری بەسەر دادێت، "فەیلەسوفەکان دەڵێن بێ هاوتایی تەنها بۆ خوایە، بەڵام هاوتایی بۆ مرۆڤ رێژەییە." (البهنسي، ٢٠٠٤، لا٧٣)، لەبەر ئەوەیە هەموو شتەکان جوانە لەلایەن خوای گەورە بەبێ رێژەیی و بەبێ جیاوازی وە جوانیشی خۆشدەوێت، بەڵام جوانی تایبەتمەندیەکانی لای مرۆڤەکان رێژەیین و لە کەسێک بۆ کەسێکی تر جیاوازە، هەروەها هەموو جوانی بینیەک لە خودەوە سەر هەڵدەدات، "بیرۆکەی جوانی دەکەوێتە هەمان ململانێی خودیەوە کە تێیدا هەموو بیرۆکە سەرەتاییەکان دروستن چونکە بیرۆکەیەکی جوانیە کە جێگەی ناگۆردرێتەوە و لێبراوە نیە."، (برتلمی، ٢٠١١، لا١٠)، تەنانەت جوانی بە هێچ شێوەیەک کۆتایی پێنایەت و هەردەم لە نوێ بوونەوە دایە، هەروەها لەگەڵ دروست بوونی هزری مرۆڤایەتی و گەشە کردنی بیری کەسەکان بووە، وە درک بە جوانی بکەن لە رێگای بینینەکانەوە و بیرکردنەوە و هەستی خۆشی یان ناخۆشی وەربگرن لە ژیاندا کە ئەمەش

خۆی لە خۆیدا هەڵگری کۆمەڵێک تایبەتمەندی هونەری ژیرانەی مرۆڤەکانە، "بیرکردنەوەش لە جوانی نیگەرانیە لە ڕۆحدا کە بەرەو گەران بەدوای زانیاریدا دەبات." (کرم، ٢٠١٤، لا٨٩)، ئەو کاتەی کە هەست بە تایبەتمەندی هونەری و جوانی دەکەین لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە بیر دەکەینەوە و خەملاندنی بۆ دەکەی لە ناخی خۆتەوە لە ڕێگای درک پێکردن بە جوانی، کە ببێتە هۆی دروست کردنێکی بریارێک لەسەر جوانیناسی، "جوان ئەوەیە کە چێژێک بخولقێنێ بەدەر لە قازانج و سوود، کە چەشنی ئەنجامێک بێ لە ئامانج ." (ئەحمەدی، ٢٠٠٨، لا١٠٠)، هەموو بیر کردنەوە و تێروانینەکانمان بۆ هەر کارێکی هونەری لە چوارچێوەی زانستی جوانیناسیدا خۆی دەبینێتەوە و هەڵسەنگاندنی بۆ دەکەین لە ڕێگای تایبەتمەندیەکانەوە ژێدەرەک دەڵێت، "چەمکی جوانی یەکێکە لەو بێدەنگیانەی کە پێشبینی دەکەین لە تەنیشت ئەو کەسەدا بێت کە بە پەرۆشەوە سەیری کارە هونەریەکان دەکات." (نوبلر، ١٩٨٧، لا٤٠)، لەبەر ئەوەیە هەر بینەرێکە کاری هونەری هەڵگری لۆژیکێکە کە هەڵوەستەی لەسەر چێژی جوانی دەکات نرخێک لە رووی جوانیەوە دەداتە پاڵ کارە هونەریەکان، تەنانەت شوێنەوارەکانی جوانیناسی جیهانیش تایبەتمەندی جوانیناسیەکی بەرچاو لەخۆ دەگرێت وە کۆمەڵێک لە شوێنە نەمریەکان تاوەکو ئێستا جوانی تێدا دەگەشێتەوە و داهاتوومانی دەوڵەمەند و جوانتر کردووە، "بیرۆکەی جوانیناسی لە شاری شوێنەواری هونەری و بۆشاییە ناوازەکەی دائەنیشێت و تا گۆرەپانەکانی بەرچاوتر دەکاتەوە." (یوسف، ٢٠١١، لا٥)، کە سەیری شوێنەواری هەر وڵاتێک دەکەین دەبینین بنەماکانی جوانیناسی چەندە هەڵوەستەی لەسەر کراوەو و گرنگی پێدراوە لە رووی هزری و چەمکی هونەریەوە کە ئەمەش پاشخانێکی باشی مرۆییمان بۆ دەستەبەر دەکات لە رووی مێژوویەوە، جوانیناسی زۆر جاریش هۆکاریکە بۆ داهێنان لە بوارەکانی هونەری بەتاییبەتی هونەری شێوەکاری، "ئێمە لە ڕێگای دەستکەوتە هونەریەکانیان ڕەسەنایەتی داهێنانی هونەری هونەرمەندان دەبینین." (سالم، ١٩٧٨، لا١)، لەگەڵ هەموو شارستانییەتیەکان شوێنەواری جیهانی بۆمان جێماون، لێرەدا هەست پێکردن بە داهێنان لە کاری هونەری دا هەڵگری درکپێکردنی تایبەتمەندی و جوانیناسیە لە چوارچێوەی داهێنانەکانی هونەری شێوەکاری بە هەموو لقەکانیەوە، " کۆی دەرککردن مانای خۆهەڵگرتنەوەی هونەرمەندە بە لەبەرچاوگرتنی بنەمای دەربڕین و داهێنانی هونەری بەڵگە جۆراوجۆرەکانی، وە کۆی گشتی پشت دەبەستێت بە بیرۆکەکە." (عبید، ٢٠٠٥، لا٣٧)، کەواتە سەرچاوە گرتنی بیرۆکە هەڵقوڵاوی هزرە کە پشت

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەستە بە بیرکردنەوە لە کارێک و دروست کردن و بەرجەستە کردنی بۆ بەر چاوی بینەر، هەروەها تایبەتمەندی هونەر لە ڕێگای هزری فەلسەفەی باشتر و دەوڵەمەند تر دەبێت "هونەری ئەبستراکت هونەری عەقڵە بە ئیمتیازاتێک بەڕێوەبەرایەتی جوانیناسی ئەم هونەرە لە دەربڕینی ئیلاهی و عەقڵی سروشتی و ئەندازەیدا دەردەخات، تەنانەت بۆ بیرکردنەوەیەکی بنەڕەتی دەگەڕێت."، (سلوم، ٢٠٢٠، لا٣٣)، هونەری شێوەکاری کە بەستراوە بە جوانیناسیەوە بایەخی زیاتری هەیە، لە بنەرەتدا هەموو جوانیەکان سەرچاوەیان پەروەردیگارە، هەربۆیە هونەری ئەبەستراکت نزیکە لە پەروەردیگار، تام و چێژ لە ڕوانگەی هەموو فەیلەسووفانەوە دروست دەبێت و هەڵدەقوڵێت بە جوانی، "ئێمە گوتمان جوانی هزرە و لەبەر ئەوە جوانییە و ڕاستیە و لە یەک ڕێچکەو یەک بنەمادا ڕێک بخات، بەڵام لە رووی ناوەرۆکەوە، ڕاستی بەخشەرەو لەگەڵ ئەوەشدا، جیاوازە لە جوانیدا."، (هیجل، ٢٠١٠، لا١٨٢)، هەموو ڕەهاکانی جوانیناسی سەرچاوەیان گرتووە لە هزرەوە و لە راستیەوە، هەموو ڕستیەکانیش سەرچاوەیان گرتووە لە جیهانی سەروو، کە ئەفلاتوون پێداگیری لەسەر دەکات، بەدڵنیایەوە لە ڕوانگەی هەموو کەسێک کاتێک چێژ دروست دەبێت، هەستەوەرەکان کاری خۆیان دەکەن، هارمۆنی کردن لە چێژ و جوانی بوونە لە زانستێکی بەرچاوی هونەرمەندانە، ژێدەرێک دەڵێت، "جوانیناسی بەو زانستە ناسراوە کە سەیری دەکات، مەرجەکانی جوانی و ستانداردو تیورەکانیەتی، هەروەک چۆن چێژی لە هونەر هەست و نەست دەبینرێت، وەک ئەو هەستانەی کە مرۆڤ هەستی پێ دەکات کاتێک هارمۆنیە بەڵام لە هونەری گشتیدا لە ئەزموونی داهێنان و تام و چێژی تا چەند خەڵکی ئاسایی و هۆشیارییان لەسەری دەبێت."، (محمود، ١٩٧٩، لا٣٠)، تەنانەت هۆشیاری تاک دەربارەی جوانیناسی کاریگەری ئەرێنی هەیە لەسەر بینینەکان لە هەموو کاتێک دا، " لەلایەن هونەرمەندەوە بۆ بەدەستهێنانی جوانی لەبەرهەمەکەیدا، یان بۆ ئەوەی بەپێی چەند مەرجێکی دیاریکراو پێویستی بەجوانی بێت سەیرکردنی حوکمەکانی جوانیناسی خەڵک دەردەخات، بۆیە دونیای لۆژیک بەسەر زاناکاندا ناسەپێنێ، کە یاساکانی بیرکردنەوە پەیڕەوی بکەن، ئەوە تەنیا شیکردنەوەی هەنگاوەکانە لە جوانیناسیدا."، (مطر، ١٩٧٩، لا٦-٨)، لۆژیک بە تەنها بۆ زاناکان نیە بەڵکو بۆ چینی مامناوەندیش گرنگی خۆی هەیە لە کاتی هەست پێکردن بە جوانی، بۆیە لۆژیک و جوانی و سروشت و تایبەتمەندی کاتێک پێکەوە دەبن ئەوا کاریگەرتر دەبێت لە رووی هەستی بینیندا، "هەستی جوانیناسی لە سروشتی

زۆربەی کەسان دایە، بە چاوپۆشی لە پلەی گەشەی بیرو باوەڕیان شتێکی سروشتییە." (ڕید، ٢٠٠٧، لا٩٧)، بۆمان دەرکەوت کە هەستی جوانیناسی تایبەت نیە بە چینێک یان بە توێژێک یان بە هەر ڕەنگێک کە بوونی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا زیاتر خۆی دەبینێتەوە لە چینی هونەرمەندان و هونەردۆستان و ڕۆشنبیران.

## ٢-٢ تایبەتمەندیەکانی پەیکەرسازی:

هونەری پەیکەرسازی یەکێکە لە داهێنەرەکانی مرۆڤ، تێیدا لەڕێگای تایبەتمەندیە هونەریەوە توانیویەتیان ڕووداوەکانی ڕۆژانەی خۆیان و بیرۆکەکانیان نمایش بکەن، کە بووەتە کارێکی هونەری لەچوارچێوەی کارێکی پەیکەرسازیدا تۆمار کراو هەر لە دێرزەمانەوە، کە خۆی لە چەمکی هونەری شێوەکاری دەبینێتەوە لەم ناوچەیە، "هونەری کارە دەستیەکان لە سەرەتاکانی دروست بوونی مرۆڤایەتیەوە سەری هەڵداوە ژیانەوە بووە، هەر لە دێرزەمانەوە کارایی فەرهەنگی دروست کردوە، کە هەڵگری کۆمەڵێک ئایدیاو هزری مرۆڤانەیە کە سەرکەوتنێکی گەورەی جوانی ئەو کاتەیە." (باقر، ١٩٦٦، لا٥٣)، بۆ پیشاندانی داهێنانەکان کە دەبێتە هۆی پیشاندانی هەڵس و کەوتیان بە شێوەیەکی سادە، دروست کردنی پەیکەر شێوەو تایبەتمەندی سادەی وەرگرتبوو لە ڕووی فۆرمەوە، "لە ڕووی کێشانی وێنەکان بە شێوەی ئاژەڵ و نیشانەی ئەبستراک و سیمبوڵی و ناساندنیان لە کاتی ڕاوکردندا هێنایە کایەوە وەک ئەوەی کاتێک مرۆڤێک کە دەبێتە نێچیری ئاژەڵەکان ڕەنگشیان لەگەڵ بەکارهێناوە." (خورشید، ٢٠١٠، لا٧)، تەنانەت لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان جۆرێک لەو هونەرەی لەخۆ گرتبوو،" لە دیمەنێکی تردا ڕاوو کوشتاری وێنە کراوە، کە تەنها ئاژەڵ نیە لەلایەن مرۆڤەکانەوە، بەڵکو زۆرجار مرۆڤی سەرەتایش لە وێنەکاندا دەبینرێت، کە بۆتە نێچیری ئاژەڵە درندەکان، وێنەکێشەکە بۆ تۆمارکردن و گێرانەوەی ئەو دیمەنە تراژیدیایە کە وێنای کردووە کە پەنای بردۆتە بەر ڕەنگ و پانتایی ئەو دیوارەی کە دای بڕیوە بۆ نیشاندانی بابەتەکە." (قادر، ٢٠٠٦، لا٦٢). هەر بۆیە هونەر لە کۆندا زیاتر گوزارشتی لە ژیانی ڕۆژانەی سەردەمی ئەو تاکانە کردووە کە ڕۆژانە گوزەریان تێدا دەکرد، تاوەکو ڕەنگدانەوەی خۆیان ببینن کە ڕۆژانی ڕابردوو چیان کردووە یان چیان بەسەر داهاتووە، هونەر ڕەنگێکە لە ڕەنگەکانی ڕۆشنبیری مرۆڤایەتی وەک چاو ساغێکە بۆ داهێنان، هەروەها زۆربەی وێنەکانی سەر دیواری ئەشکەوتەکان بەشێوەیەکی سروشی کێشراون، تا ڕادەیەک گونجان لە نێوان وێنەکان هەبووە،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

"برِێک لەو نیگارانە بە ئەندازەی سروشتی کێشراون و رەنگ و ئامێزی کراوەن بەرەنگی قاوەیی، سوور، زەرد، و رەش، کە خۆگونجاندنی سەر دیوارەکە سوودی لێوەر گیراوەو گونجاندویەتی لەگەڵ شێوە، کە لەخودی گیانەوەرەکەدایە،" (جاف، ٢٠٠٩، بەرگی دووەم، لا١٦)، لە کاتی دانانی رەنگی وێنەکان سودیان لە سروشتی دەوروبەری خۆیان وەرگرتووە، تەنانەت کەل و پەلەکانیان گوزارشتە لە بینین و هەست پێکردن و تام و چێژی مرۆڤایەتی وە ئەو پێویستیانەی خۆیان کە سازیانداوە، بەم جۆرە هونەرەش دەگوترێت هونەری سەرەتا، چونکە کارەکانیان شێوەیەکی سەرەتایی هەبووە، بەڵام لە کۆندا زۆربەی هەرە زۆری کارەکان سادە بوون وەک هزری مرۆڤەکان، "چێژ وەرگرتن لە هونەرەجوانەکان لەلایەن کەسێکی سادە لە روانگەی چوارچێوەیەکی هونەری کە گرنگیەکی رێژەیی هەیە لە کاری هونەری، بەیارمەتی ئەو ورژاندنەی کە هونەرمەندەکە دەیکات لە ژیانی رۆژانەیدا." (مایز، ١٩٥٢، لا٢٢). تەنانەت کارگەلێکی سادەو ساکاری دەرخستنی ئەندامەکانی جەستەیان زۆر بەباشی بەدیار نەکەوتووە (وێنە نەکراوە) بەڵام تا رادەیەکی باش هەستت بە رێژەیەکی هونەری دەکەین لەناو کارە هونەریەکانی ئەشکەوت، "وەک ئەو وێنەیەی (تل بارسیب): کە لە (سەدەی ٨ پ.ز) وێنە کراوە". (اندریە بارو، ١٩٨٠، لا١٢٠) وەک لەم وێنەی(٢-٢-١) دەردەکەوێ :



وێنەی ژمارە (٢-٢-١)، وێنەی دیواربەندی لە کۆشک (سەدەی ٨ پ.ز)". گردی بارسیب: (بارو، ١٩٨٠، لا١٢٠).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەر وەک لە وێنەکەدا دیارە کە بۆ مەراسیمی ئاینی وەستاون و ئەرکەکانی خۆیان جێ بە جێ دەکەن، کە بۆ ئەمەش یەکێکە لە دووبارە کردنەوەی کارەکانی رۆژانەیان، هونەر بەم شێوەیە گەشەی کرد لە وێنەکێشانی سادەوە بۆ وێنەکێشانی مانادار و رەنگدەنەوەی رۆژانەی خۆیان، هێدی هێدی هەستان بە دروست کردنی هونەرەکانی تر وەک هونەری پەیکەرسازی کە بۆ چەندەها هۆکار و مەبەست بەکاریان دەهێنا لە ژیانی رۆژانەیان وەک (ئاینی، کۆمەڵایەتی، خۆشەویستی، شەر، جوانی)، هەر بۆیە پرینسیپ و چەمکی پەیکەرسازی بەرهەمە زانستیەکان قوڵترین ڕەهەندیان لەنێو بزاڤە هونەریەکان دا هەبووە هەر لە دێر زەمانەوە، کاتێک کە دەستیان بە کاری پەیکەرسازی کردوە و تەنانەت کارەکانیان زۆری شێوەیەکی سادەی هەبوو بەڵام لە فۆرمێکی مانادار، "هەم پەیکەر و هەم نیگارەکان زۆربەیان لە دینەوە وەرگیراون." (پیربالْ، ٢٠٠٦،ل١٦)، بۆیە زیاتر گرنگیان بە پەیکەری ئاینی دەدا لە ژیانی رۆژانەی خۆیان، وەهەروەها زۆرێک لە کارە هونەریەکان ماناو بزاوتی هونەری بووە، زۆربەی زانایان پێیان وایە لەگەڵ تێپەر بوونی کات کارەکان گۆرانکاریان بەسەر داهاتوو لە هەموو روێکەوە، وەک ئەم دیواربەندە کە لە شێوەی ژمارە (٢-٢-٢) دەردەکەوێ:



وێنەی ژمارە (٢-٢-٢) دەسەلات و هێزی فەرمانڕەواکانی سەردەمی ئاشووری هەزارەی یەکەم پێش زاین (سەدەی ١پ.ز)". موسکاتی، ١٩٨٦، ل٢٠.

لەم وێنەیە هێزی مرۆڤەکان و کۆنترۆل کردنیان و بە شێوەیەکی هونەری و پاکتاو لە فۆرمەلەی ئاژەڵەکە بە نزیک لە بەرجەستە کردنی ئاناتۆمیەکەی زۆر سەرکەوتوانە کاری لەسەر کراوە، "ئەم

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پەیکەرەی دیواربەندی ئێستا لە مۆزەخانەی ئینگلتەرای کۆنە (المتحف البريطاني القديم) کە خوداوەندی ئاشوورە تێدایە." (موسکاتی، ١٩٨٦، لا٢٠)، وە لە فەلسەفەی هونەری و پەیکەرسازی ئەم وێنەیەدا لە وەرچەرخانێکی هزری و جوانیناسی لە رووی بابەتی و شێوەو ناوەرۆکەوە دەردەکەوێت کە کاری هونەری شێوەکاری و رەگەزەکانی بە شێوەیەک لە شێوەکان، کە باسی لە جوانیناسی بکات هەروەک (ڕید) دەڵێت "ئەو رەگەزە گرانبەهایەی لە بوونی مرۆڤ دایە و بە رەگەزی شێوە دەناسرێت کە هەستی جوانیناسی مرۆڤە، ئەو هەستیارییەش نەگۆڕەو چەسپاوە، ئەوەی کە لە گۆڕاندایە، دەربرینێکە مرۆڤ بە یاریدەی شێوەی ئەندازەی هونەرەکە دەبەستێتەوە، هەر کاتێک شێوەکان لەگەڵ هەستە ئاینییەکانی مرۆڤدا لێکچوو هاوشێوەبن، بە بەیانکەر ناویان دەبات، بەڵام دەشێت هەمان شێوە (شکل) بەهایەکی بەرزی و دیاری جیاوازی هەبێت." (ڕید، ٢٠٠٧، لا١٤-١٥)، بەڵام کۆی کارەکان نیەت و نیازیان چێژ بەخشینە لە چوارچێوەی کارێکی هونەری پەیکەرسازی، دەبێتە ئاوێنەی کەسی کار کردووەکە .

٣-٢ پەیکەرسازی لەلای هونەرمەندانی کورد (هەولێر):

هونەرمەندای شاری هەولێر ئەم سیما هونەری و جوانیناسیەی ڕادیکاڵیەی گرتۆتەبەر کە سەرچاوەی هونەری میزوپۆتامیایە وەک قوتابخانەیەکی ڕەسەنایەتی بۆی ماوەتەوە، کە بووە بە بناغەیەک، کە تێیدا هونەرمەند لە هەولێر لە کەلەپوری ڕۆشنبیری و میتۆدی هونەری دۆڵی نێوان دووڕووبارەکە وەک مێژوویەک سوودی وەرگرتووە، و هەر قۆناغێکی مێژوویی تایبەتمەندی هونەری خۆی هەیە لە ڕێگەی پەیکەرەوە کە بیرۆکەکانی خۆی لەم میراتەوە بۆی بەجێ ماوە، هونەرمەندی ئەم ناوچەیە بە گشتی و هونەرمەند هەولێر بەتایبەتی لە تێروانینی مێژوودا لە کەلەپوری پەیوەست دەکات بە قوڵایی میراتە مێژووییەکەی و خۆی، هونەری پەیکەرسازی لە هەولێر زیاتر خۆی دەبینێتەوە لە رێچکەی ئەبستراکت، "ئێمە بۆی دەدۆزینەوە هەموو کارێکی هونەری پشت بەپلەیەک ئەبستراکت دەبەستیت ، چونکە ڕوونکردنەوەی واقیعی بینراوە بۆ پێدانی مۆدێلێک کە سەر بەیاساکانی واقیعی فیزیکی نەبێت، ئەوەش ئەوا شێوازی شوبهاندنە دروستەکە بەدیدەکرێت بۆ نوێنەرایەتی کردنی دروست کردنەکە."، (الخوزاعی، ٢٠١٠، لا١٣)، ئەبستراکت بە گشتی خۆی لە دوو توێ هونەر و ناوەرۆکەکەی دەبینێتەوە. بەڵام یەکێکە لە بنچینەکانی زانست و زانیاری کە مرۆڤ لەپشت هەموو ڕەنگدانەوەیەکانیەوە لەسەر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ژیان شارەزایی هەیە بەرەو زیاتر گشتگیرتر لە هزرو هونەر کە تێیدا تایبەتمەندیەکان هونەری وەک ناونیشانێک بۆ دەرخستنی ئەو ڕاستیيە نادیارانەی دەوروبەری و وێنا کردوە داهێنانەکانی لە مرۆڤ دا کۆکردۆتەوە لەم شارە هەر لە سەرەتای دروست بوونیەوە، بۆ ئەوەی مۆدێلێک بدات بە ستایلی وێناکردنی ڕاستی. بەشێوەیەکی سروشتی وێنەی هونەری بەچەند ڕێگایەک کە دەتوانێت ئاستی هونەری نێودەوڵەتی بەدەست بهێنێت و بەپێی قوتابخانە هونەرییە دانپێنراوەکان کە دەتوانێت ئەو ئاستانەی هونەری پەیکەرسازی بەدەست بهێنێت، "هونەری پەیکەرسازی لەقوتابخانەو جوڵەی هونەری و شێوازو تەکنیکی جۆراوجۆر پێکدێت، (سیرینسکی، ٢٠١٦، لا١٦)، لەم ئاستەدا بیربکەوە، هونەرمەند لە هەولێر بە هەموو تەکنیکەکانیەوە پراکتیزەی بەکارهێنانی تایبەتمەندی هونەری پەیکەرسازی کردووە بۆ ئەوەی هونەرێکی بەرچاو بخاتەڕوو، جگە لەو پەیکەرانەی کە بە فرەیی مۆدێلی هونەرییەوە بۆشاییەکانی هەولێریان داگیرکردووە، لەڕووی فیکری و بابەتییەوە، بۆ زیاتر بڵاو بوونی هونەری ناوەخۆی بە ڕووی هونەریەوە، هەروەها ڕێگەیەک هەیە بۆ شوێن پێهەڵچنینی هونەرمەند لە دیاریکردنی توخمەکان لە ستایلی هونەری خۆی لە کاتی جێبەجێکردندا، تا تایبەتمەندییەکی بنەڕەتی هونەرییەکەی دیار بکرێت، "ئێمە سەرەتا گرنگی بەو توخمە تایبەتانە ئەدەین کە وا لە یەک هونەرمەند دەکات جیاواز لە یەکێکی تر گوزارشت لە خۆی بکات دووەم، خواستی هونەری و هزری بۆ دەستنیشانکردنی ئەو حاڵەتە دەقاودەقیەیە کەوا دەکات بتوانین کاری کەسێک و ئەوی تر جیابکەینەوە."، (مایرز، ١٩٥٢، لا٣٢٣)، لە وەسف و جۆر کە هونەرمەندی کورد لە هەولێر داهێنەری ئەم بیرۆکەیە دەکات، کە تێیدا کەسایەتی خۆی گوزارشت لە ناوەڕۆکەکان دەکات لە پێگەی هزریەوە گوزارشت لە بەها تایبەتمەندی هونەری و جوانیەکان دەکات، هەروەها بە دوای تایبەتمەندی هونەری و زانستی لە هەمەجۆر مادەکان لە ڕووی کوالێتی و خۆڕاگرییەوە دەخاتەڕوو بە شێوەیەکی نەرم و پتەو و لە نێو ئەو ستاندارنەی کە لە لایەن پێوەرە ستانداردەکانیەوە دیاری دەکرێت، تەنانەت خۆگونجاندنی بوو لەگەڵ جۆر و شێوەی پەیکەرەکەی بۆ گەیشتن بە بەهای جوان و تایبەتمەندیەکانی خۆی، بۆ نموونە ئەو هونەرمەندانەی شاری هەولێر بە بەکارهێنانی ستانداردی تەکنیکی و زانستی لە کاتی کارکردندا تایبەتمەندی لە نێویشیاندا پەیکەرسازان (جەمال مشیر و سەربەست عمر) لە پەیکەرێکی بە ناونیشانی (ئەسپ) لە قووڵایی زانست و زانیاری شاری هەولێردا، وە هێمای ئەسپی وەرگرتووە و شێوەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تایبەتمەندی و سیفەتەکانی لە ڕووی مێژووییەوە پەیڕەو کردووە و قوڵاییەکی مەعریفەی هونەری و نەریتەکانی خۆیان خستەڕوو، لە بوون بە هێز و جوانی لە ناو سیفەتە جیهانی و ناوخۆییەکاندا، بۆیە مۆنۆمێنتی (ئەسپ) لە ماددەی لە قاڵبدانی کۆنکرێت دروست کراوە، ڕێگە دەدات بە بوونی شوێن جوانی گشتیدا ڕێگە بە بوونی هێز و جوانی دەدات بە شوێن و تایبەتمەندیەکانی جیهانی و ناوخۆییدا بوونی هەیە، وەک لە شێوەی ژمارە (٢-٣-١) دەردەکەوێت:



شێوەی ژمارە (٢-٣-١) ئەسپ نیشانەی هێز و جوانی

بەڵام سەبارەت بە مۆدێلێکی تری هونەرمەندان وەک (هێمن ئەحمەد مامە و خسرۆ عەبدولقەهار کوردی و یوونس حەمەد) و مۆنۆمێنتەکە بە ناونیشانی "ڕوونی" کە لەپێش پارکی منارە دانراوە، ڕوونی لە سیما فکری و چەمکاییەکانی نێو هونەرەکە دا بە مانای ئارامی و پاکی پێکەوە ژیانی ئاشتیانە و پەیوەندی کۆمەڵایەتی خێزانی (ژن و پیاو) دەبەخشێت، هەروەها ماتریاڵی پەیکەرسازی لەقاڵبدان و ئاسن، تەنانەت پێوانەکەی نزیکەی بریتیە، بنکەکە (١٣٠ سم بە ٢٥٠ سم بە ٢٥٠ سم) دروستکراوە، لە کاتێکدا پێوانەکانی داگیرکردنی پەیکەر (بەرزی ٢٥٠ سم و ١٠٠سم نمایش) و لە شێوە گشتیەکەیدا بۆشایەکی کراوە لەبەردەم باخی گشتی پانتاییەکی داگیرکردوە، وەک لە شێوەی ژمارە (٢-٣-٢). بەکارهێنانی ماددە جیاوازەکان بۆ گەیشتن بە شێوەی کۆتایی و قۆناغی تەکنیکی بۆ ئەوەی دەرخەری بیرۆکەکە و ئامانجەکەی بێت. وێنەی جوانیناسی پەیکەرەکان کە لە بەر تایبەتمەندییە هونەریانە دەناسرێن کە لەقوڵایی هونەری دوو رووباری هاوچەرخەوە ئاماژە دارتر بێت، کە لەسەر بناغەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مێژوویی و شارستانی و بەردەوامی مەعریفی خۆی لەقۆناغەکانی هونەری جیهانیدا ڕوونبکاتەوە لەبناغەکانی تیۆرییە مەعریفی و دەروونییەکانیەوە، "زانراوە کە تیۆری مەعریفەی لەسەر بنەمای سایکۆلۆژییەتی هەست وسۆزی عەقڵ دامەزراوە، کاتێک بیرۆکەکان وەک زنجیرەیەکی دووبارەی وێنە لە مێشکی مرۆڤدا دروست دەکەن، بە هەمان شێوە لەگەڵ سیستمی تێرامانەکانی هەستەیی هاوتەریب بووە، کە لە ڕووی دەروونییەوە سەرچاوەی گرتووە، لە قاڵبێکی دووبارەی واقیعی عەقڵدا." (تاهیری، ٢٠١٨، لا١٣)، هەموو ئەو زانست و مەعریفەی هونەریانەی و هزری هونەرمەند لە کەسێکی تایبەتەوە دروست دەبێت، دەبێتە هۆی دروستکردنی وێنە دەروونی و هەستەوەرییەکانی بۆ مرۆڤەکان تەنانەت ئەو کاریگەرییە دەروونیانە لە بەرهەمهێنانی وێنەی ڕەنگدانەوەیان لەسەر جۆری کارەکە هەیە، کە تێیدا ڕەگ و قوڵایی مێژوویی کلتوری و تایبەتمەندیەکانی هونەری و هزری خۆی لە دروستکردنی وێنەیەکی هونەری جیاواز کە ئاستی هونەرمەند و جۆری بەرهەمەکەی بە ڕووی خەڵکیدا بڵاو دەکاتەوە، هونەرمەندانیش لە هەولێر نوێنەرایەتی مۆدێلێک دەکەن کە لەگەڵ خۆیدا هەڵگری ئەو مۆدێلەی پەیکەرسازی کە توانای هونەری خۆی دیکیومێنت دەکات وەک ئەم کارانەی خوارەوە:





وێنەی ژمارە (٢-٣-٢)،(ڕوونی) مانای هزری و لەدڵپاکی و بێگەردی). وێنەی ژمارە (٢-٣-٣)(خیرالله عبدالله) نیشانەی شەهید.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پەیامی هونەری لە ڕێگەی قوتابخانە هونەرییەکانەوە دەرخەری ئەو بنەمایانەن کە لە ڕووی سروشت و پێکهاتەی جەستەیی و ئەخلاقییەوە شێوە و کاراکتەری خۆیان دەگرنەبەر کە لە بینین و خەیاڵەوە کاری پێکراوە لە ڕووی دارشتنی هزریەوە لەسەر بنەمای باوەڕی مەعریفیی هونەرمەندەکە. سەبارەت بەو تایبەتمەندیە هونەریانەی کە دەوڵەمەندن بە هەستی جوانیناسی و جەستەیی کە هونەرمەند بەگشتی لە ڕووی بەکارهێنانی مادەوە لە ڕووی جۆر و فۆرمەوە لە شوێنێکی گونجاو و جۆری کارکردندا هەڵیانبژاردووە، بۆیە هونەرمەندانی هەولێر هەمان تایبەتمەندی هونەری هزری و ناوەڕۆکیان هەڵگرتووە لە کاتی سازکردنی بابەتێکی تایبەت بە پێشکەوتن و جۆری کاری مەبەست کراو و لە کارە نمونەییەکانی هونەر لە هەولێردا بەلایەوە گرنگ بووە، سەرنجی کۆمەڵگەی هونەری لە ڕووی هونەری جوانیناسی و پەیکەرسازیەوە هەروەک ( خێروڵا عەبدوڵا) نوێنەرایەتی کەسایەتی کورد دەکات کە ناسراوە بە لوتکە مێژوویی و کۆمەڵایەتی هونەری، هەر لەوکاتەی لە سێدارە درا، لەسەر دروست کردنی بەرهەمەکانی هونەرمەندان ( هۆشەنک عەبدولڕەحمان و شوان عەبدولڕەحمان ) وەک نموونەی وەرگرتوو ئەو مادانەی بۆ پەیکەری ناوبراوان ماددەی کۆنکرێتی قاڵبی بەکار هێنراوە، وە بۆشایەکی لە نێو شاری هەولێر داگیر کردوە لە چوار ریان بە پێوانەی بناغە ( ٧٠ سم و ٢٠٠سم درێژ ) ، کە لە ساڵی ٢٠٠٥ کاری لەسەر کراوە و دروست کراوە، وێنەی ژمارە (٢-٣-٣-). هەروەها چەند بابەت و فۆرمێک لە خۆدەگرێت کە جێگای تێرامانی زانستیە، تەنانەت ئەو ناوە هەڵدەگرێت کە گونجاو بێت لەسەر ئاستی بەرزی خۆی ناوی کارەکە (کتێبەکە)یە لەلایەن هونەرمەندان (ئارام خالید و ڕەوەند سەعید) دروست کراوە، شوێنی هەڵبژێردراوە داگیرکردنی بۆشایی پارکی (سامی عەبدولڕەحمان) هەڵبژاردوە کە لە ڕووی سیماوە گرنگی خۆی هەبووە لە شاری هەولێر، و ئەو مادەیەی کە باکارهاتوە بریتیە لە قاڵبدانی کۆنکرێت، کارەکتەرێک لە شوێنەکەی خۆی لە بەردەم کتێبخانەی گشتی بەناوی (زەیتوونا) بۆ نوێنەرایەتی کردنی شوێنێکی جوگرافی بە کاریگەری ئەخلاقی و پێوانەکانی (بنکەی ٤م و ٣م

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وەستاوە) بۆ بەرزبوونەوە لەسەر شوێنی ئاستی ئاسۆ هاوتایە لەگەڵ پێکهاتەی کارەکە بە ٢٥٠ سم بە ٢٥٠ سم ، کار لە ساڵی ٢٠١٣ بەرهەم هێنراوە ، وەک وێنەی ژمارە (٢-٣-٤):



وێنەی ژمارە (٢-٣-٤). (پەرتووک) نیشانەی رۆشنبیری و ئەدەب

هەروەها تایبەتمەندیەکانی هونەری جوانیناسی و پەیکەرسازی لەناو وێنەکەدا زۆر بەباشی خۆی دەنوێنێت و جوانیەکی باش دەدات بە چاوی بینەرانی، لەم ڕێگەیەوە درک پێکردنە بە هەستی جوانی لە بوونی هەستەوەرەکانەوە، کە هەستی روحی و گوزارشت لەناخی هونەرمەند یان هەر کەسێکی ئاسایی لە کاتی تێراماندا دەکات، وە ئەم ژینگەیەی کە کارە هونەریەکەی لێدادەنرێت هەڵێکی یارمەتیدەرە بۆ راکێشانی چاوی بینەر و وەرگرتنی تایبەتمەندیەکانی هونەری جوانیناسی و پەیکەرسازی، تەنانەت مۆدێلێکی تری جۆری پەیکەرسازی شێوازێکە کە کاری هونەری لەسەر فەراهام کراون، کە پێکهاتەی کەسایەتی مێژووییە و گوزارشت لە کاراکتەری ژنە نموونەیەک دەکات، کە ئازایەتی و بەهێزی و خۆڕاگری، کە بەپێوانەکانی بریتیە لە (بنکەی ٢٥٠ سم و ٣٦٠ بەرزی کار) و ئەو مادانەی لەبەردی خۆماڵی بەکاردەهێنرا، بەرهەمی هونەرمەند ( هادی زیادەدین)، و دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٨، وێنەی لە ژمارە (٢-٣-٥):دەردەکەوێ:

وێنەی ژمارە (٢-٣-٥). (مستورە) گوزارشت لە ئافرەتی شۆرشگێر دەکات

وەهەروەها جۆرێکی تری پەیکەرسازی هەیە کە لە پێکهاتە و جۆرەکەی سێ لایەنن، تەنانەت لەو مادانەی کە تێدا بەکارهاتوە بۆ ئەوەی نۆبەتی چۆنایەتی جوانیناسی لە تایبەتمەندیەکانی پەیکەردا پیشان بدات، کە لە کاری پەیکەرسازیدا بە بەکارهێنانی ماددەی پیشەسازی "فایبەرکلاس" لە کاری پەیکەرێک بە ناوی (کچی قازی محەمەد) بەکار دەهێنرێت، کەسایەتی لەمێژووی کورد و ماناو بەهای

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)



زانیاری و کەلەپووری هەیە، بەڵام پەیکەرەکە پێوانەکەی بریتیە لە (٧٥ سم لەبناغە و بەرزی کار ٢١٠سم) لەدەروازەی سەنتەرێکی بازرگانی لەناوەندی بازاری (داون تاون) دانراوە، کە نوێنەرایەتی گەورەترین بازاڕی هەولێر دەکات.

تەنانەت پانتاییەکی کراوە لەدەوری پەیکەرەکە داگیر کردووە بۆ چێژ وەرگرتن لە شێوەی پەیکەرسازیدا بەخۆیەوە دەبێت، بە پێی ئەو تایبەتمەندییە هونەری و شوێنەواریانەی کە تێیدایە تایبەتمەندییە جوانناسییەکەی لە ڕووی شوێن و کارەوە کە هونەرمەند (کامیار حەمە عەلی ) بەرهەمی دەهێنێ وەک لە (٢-٣-٦) دەردەکەوێ:



گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(٢-٣-٦) (کچی قاضي محمد) (نیشانەی خۆراگری کورد)

ئەو کارە کە بینەرێکی زۆری هەبوو ئەوەشی دەگەرێتەوە بۆ کاریگەریە دەروونیەکەی، کە هونەرەکە شوناسێکی بەخشیوەتە هەرێمی کوردستان، چونکە پەیکەرسازی لە بەکارهێنانی مادە بۆ کارەکانیان لەرووی شێوەوە گۆرانکاری بەسەردا هاتووە، "گرنگترین تایبەتمەندی هونەری سەردەم ، گۆڕدراوە بۆ ئەوەی پەیکەرسازی و وێنەکێشان وێنایەکی تری هەبێت، لە ڕووی شێوە و پەیکەری هونەریەوە و ئەو شێوەیە (فۆرمەی) کە سەر بە سەرەتاکانی سەردەمن و هەڵگری بیری سەر بە شۆرشە بەهێزەکانن."، (سیرنسكي، ٢٠١٦، لا١٨)، فۆرمی هەر کارێکی پەیکەرسازی لە بنچینەدا جوانیەکی تایبەتی هەیە لە پێش چاوی بینەرەکاندا، چونکە ئایدیای کارەکان روو لە جوانیناسیەکی ناوەوە دەکات، لە کۆتایدا هەموو کارەکانی پەیکەرسازی لە شاری هەولێر تیبەتمەندیەکی سەربەخۆیان هەیە کە گوزارشت لەم شارە دەکات و بووەتە سیمبولێکی جوانی سەردەمیانە و هەمەچەشنە لەرووی بیری ئەفراندنی هونەرمەندەکانەوە، چونکە هەریەکێک لە پەیکەرەکان ئایدیایەکی دانسقەی نموونەی هەیە و بەرجەستەبوونی لەناو شاردا، کە بەبوونی ئەم پەیکەرانە مێژووی کەسانی ناودار و شۆرشگێر و ئەدیبان زیاتر دەناسێنێت و شاری هەولێریان جوانتر کردووە و بووتە بایەخی سەردانیکەرانی، و جوانتر کردنی ئەم شوێنانەی کە پەیکەرەکانیان لێ دانراوە، جاری واش هەیە بووتە ناونیشان بۆ کەسانی بیانی.

### ئاماژەکانی چوارچێوەی تیۆری:

١ -پەیکەرسازی کارێکی هونەریە، کە دروست دەکرێت بە چەندین مەتریالی جۆراوجۆر، وەبە رێگای جیاواز دێتە بەرهەم، وەک بەکارهێنانی (بەرد، مەرمەر، روخام، بۆرەک، دار، بۆنز، ئاسن، ستیل) کە پەیکەری لێ دروست دەکرێت.

٢ -بابەتی زانستی جوانیناسی ئەو جوانییە لە هونەر کە مرۆڤ داهێنانی تێدا دەکات، ئەم زانستە بە فەلسەفەی هونەر ناو دەبرێت، یان ووردتر فەلسەفەی هونەرە جوانەکان.

٣- ئەو تایبەتمەندیانەی کە لە رەگەزی گرانبەهای لە بوونی مرۆڤ دایە و بە رەگەزی شێوە دەناسرێت کە هەستی جونیناسی مرۆڤە، ئەو هەستیارییەش نەگۆرەو چەسپاوە، ئەوەی کە لە گۆراندایە، دەربرینێکە مرۆڤ بە یاریدەی شێوەوە بە هونەری دەکات.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ٣ -میتۆد و جێ بەجێکردنی شیکاری توێژینەوە:

٣-١ ڕێرەوی توێژینەوە:

توێژەر پشت دەبەستێت بە ڕێگای شیکردنەوە و پێداهەڵگۆتن، چونکە ئەمە یەکێکە لە ڕێرەوەکان، کە ئەچەسپێت لەگەڵ زانست و ئەدەب و هونەر، وە ئەمەش ئەم کارانەی لەبەرچاوە لە پێکهاتە و کردار ئەکەوێتە ژێر ئاستی شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی بابەتەکە.

٣-٢ کۆمەڵگای توێژینەوە :

زۆری و هەمەجۆری لە شێوازی کارکردنی پەیکەرسازانی هەولێر وای کردووە کە توێژەر زیاتر هەڵوەستە لەسەر کارە هونەریەکان بکات و خۆی چڕ بکاتەوە لە چەندین پەیکەری لە چوارچێوەی هەولێر، کە نوێنەرایەتی ئەم نموونانەیان ئەکەوێتە سەر، تایبەتمەندیەکانی هونەری و جوانیناسی پەیکەرسازی هونەرمەندانی کورد هەولێر بە نموونە، لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠٠٠-٢٠٠٧)، بەپێی سنوری توێژینەوەکە.

٣-٣ نموونەی توێژینەوە:

توێژەر هەڵدەستێت بە دەستنیشان کردنی سنووری ناونیشانی توێژینەوەکە (تایبەتمەندیەکانی هونەری و جوانیناسی پەیکەرسازی هونەرمەندانی کورد لە هەولێر بە نموونە)، لەبەر ئەوەی نموونەی زۆر فراوانمان هەیە لەم بابەتە توێژەر هەوڵدەدات بە دەست نیشان کردنی چەند نموونەیەکی هەڵبژێردراو بەناوی (نەزیر خەیلانی، ئەمەریکاو جیهان، ٢٠٠٠ز) و (وچان، سامان هیدایەت، ٢٠٠٣ز) و (ئازادی، نامیق علی، ٢٠٠٧ز)، کە ببێتە نموونەیەکی مەبەستی لەم خاڵانەی خوارەوە:

١ -بە شێوەیەکی گشتی گوزارشت لە کۆمەڵگەی بنەڕەتی توێژینەوەکە بکات.

٢ -ئەم نموونانە کە تایبەتمەندی هونەری و جوانیناسی بەرزیان تێدایە بۆ دەست نیشان کردنی ناوەرۆکی بابەتی توێژینەوەکە.


٣ -ئەم نموونانە هەڵگری ڕەهەندەکانی جوانیناسین، کە هەڵسەنگاندنێکی جیهانی تێدایە.

٣-٤ ئامرازی توێژینەوە:

توێژەر پشتبەستە بەو پێوەر و ئەو ئامرازانەی لە نێوەگۆی تیۆری توێژینەوەکە پێیگەیشتووە، وە ئەو میکانزمەی دەیخاتە ڕوو، کە پشت بە میتۆدێکی هونەری پێداهەڵگۆتن و شیکاری دەبەستێت

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(چاوپێخشاندن و شرۆڤەکردن، سەرچاوەکان، شێواز، سیستمەکانی فۆرم، کەرەستە و تەکنیکەکان، ناوەڕۆک و (وتار) و لەگەڵ ئاماژەکانی چوارچێوەی تیۆری .




٣-٥ شیکردنەوەی مشتەکان:

مشتەی ( ١ )

ناوی پەیکەر : ئەمەریکا و جیهان

هونـــەرمەند : نەزیر خەیلانی

مـــــــــادە : دار

مــــێـــژوو : ساڵی (٢٠٠٠)

شـــــــــار : هەولێر

پــــێــوانـــە : (١٠٠×٢٠×١٠)سم

خاوەنداریەتی: وەزارەتی رۆشنبیری

چـــاوپێخشاندن و شرۆڤەکردن :

پاش تێرامان و سەرنجدان لە رووکاری بینراوی کاری هونەرمەندی ناوبراو بۆمان دەردەکەوێت،کە پێکهاتووە لە دوو فیگەری سەرەکی، فیگەری یەکەم لە راوەستانە و لەخۆباوی پێوە دیارە کە فۆرمی سەری بۆ بڵندی دەروانێت، لەگەڵ شانەکانی پڕە لە هەیبەتەی خۆبەزل زانین و گەورەیی لەسەر فیگەری دووەم، لەگەڵ بوونی بۆشایی قۆڵەکانی، هەروەها پەیکەرەکە دیارە کە رەگەزی نێرینەی بەشێوەیەکی بەرچاو لە چوارچێوەی هێزو دەسەڵات بەرجەستەبوونی پێوەو دیارە، لەگەڵ نمایش کردنی هێزی ڕانەکانی بەشێوەیەکی تۆکمە دەردەکەوێت، لەگەڵ هەبوونی فۆرمی پێیەکانی، بوونی بۆشایی لە نێوان پێیەکانی بەشێوەیەک هەست بە بوونی جێگیریەکی تەواو دەکەی لە راوەستانیدا، هەروەها فیگەری دووەم پێک هاتووە لە ئافرەتێک شێوەی سەری بۆ لای خوارەوەیە کە ژێر دەستی پێوە دیارە هەست بە چەوسانەوە دەکات لە ژێر سایەی فۆرمی یەکەم، شێوەی لاقەکانی بە جۆرێکە ماندیبوونی پێوەدیارە و لە بێهێزی دایە، هەروەها بوونی بۆشایی لە نێوان کوتلەی پەیکەرەکەو بۆشایی لاقەکانی

بوونی دڵێکی ماندوو وایە، هەروەها بەرجەستەبوونی فۆرمی مەمکەکانی، هەروەها رووخساری زۆر داروخاوە و لاوزبوونی خۆی پشاندەدات، هەروەها بوونی بناغەیەکی لاکێشەی بڵند کە لایەکی هەست بە قووڵبوونی دەکەی، لەگەڵ لاربوونی پەنجەکانی فیگەری یەکەم، کە هێزی جەستەی فیگەری یەکەممان نیشان دەدات، لەگەڵ بوونی لاکێشیەکی بچووکتر کە بووەتە زیاتر جوانتر کردن و هاوسەنگی لە نێوان فیگەرەکان، هەروەها کارەکە بەرەو تایبەتمەندیەکانی هونەری و جوانیناسی پەیکەرسازی لە شاری هەولێر دەڕوات .

شیکردنەوەی کار:

لەبابەتی مشتەی (ئەمەریکا و جیهان) دەردەکەوێت، کە ئاماژەیەکی هزر و ڕامان تێگەیشتن دەگرێتەخۆ، کە نوێنەرایەتی هێزو ژێردەستەیی دەکات لەناو فۆرمەلەیەکی هونەریدایە، هەربۆیە بە بوونی تایبەتمەندی هونەری و جوانیناسی لەم پەیکەرەدا، تێرامانینی فەلسەفە و هزری جوانیناسی وەک سەرچاوەیەکی ئابووری و سیاسی لەخۆدەگرێت، کە تێیدا هونەرمەند هەوڵی داوە لە ڕێگای بیرۆکەکانیەوە بوونی (ئەمەریکا و جیهان) نیشان بدات لە فۆرمێکی سێ ڕەهەندی. ئەگەر بێینە سەر شێوازەی کرداری هونەرەکە دەبینین هونەرمەند زۆر بەجوانی هەوڵی بە هونەرکردنی کارەکەی داوە لە چوارچێوەیەکی شێوازی بە مۆدێرکردنی کارەکە و چوونی چاو بۆ سەر بوونی فۆرمێکی مۆدێرنی جیهانی و کە خۆی دەگونجێنێت لەگەڵ هەموو بیرۆکە و هزری پێشکەوتنخوازەکانی ڕۆژانەی هونەرمەندانی جیهان لە بەرجەستەبوونێکی ناسکی دانسقەی بێنموونەدا، لە گۆشەنیگای بینینی کارە هونەریەکە هەست و نەست دەجولێنێت و چێژ دەدات بە مرۆڤەکان. هەروەها ڕێکخەرەکانی فۆرمی کاری هونەرمەند (نەزیر خەیلانی) وا بەرجەستە بووە کە خۆی دەبینێتەوە لە شێوەی بڵاوبوونەوەیی، کە بە هەبوونی بابەتی هەمەجۆری لە شێوەدا، کە توانراوە بە ڕێک و پێکی لە هاوسەنگی دا خۆی بنوێنێت و دیاربێت لە پێش چاوی بینەردا، بەشێوەیەکی هاوسەنگ لە بەشەکانی فیگەرەدا، کە ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندیەکانی هونەری و جوانیناسی پەیکەرسازی لە کارەکانی هونەرمەندی ناوبراو. سەرەرای ئەوەش کەرستە و تەکنیکی کارەکە خۆی دەبینێتەوە لە گۆڕاوی هونەری بۆ شێوە، کە دەبێتە پشاندانی بیرۆکە و هێماو واتاکان، تەنانەت زۆربەی کارەکانی نیشاندەرن لە مەتریالی دار و چەقووەکانی بۆ دەرهێنانی بیرۆکەکەی کە بە کاری هاوچەرخ ناوزاند دەکرێت، تا تێکەڵ بوونی لەگەڵ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جیهانی مۆدێرن لە هونەری شێوەکاری و لەوێشەوە بۆ پەیکەرسازی، ئەوەی جێی ئاماژەیە رەنگی دارەکەش لە زەردێکی تۆخی بەرەو قاوەیە. تەنانەت لە ناوەرۆکدا هونەرمەند توانیویەتی داهێنان بکات لە کارەکە و بۆ نیشاندانی ڕەهەندەکانی هزریی و جوانیناسی پەیکەرسازی، پەیکەرەکە شیکردنەوەی بۆ زلهێزی و بەهێزی ئەمەریکا دەردەخات و جیهانیش لە شیوەیەکی زەلیل دایە لەبەر پێیەکانی ئەمەریکا، هەروەها بەبوونی سیمبولی هێز و زەلیلی لە کارەکە بووتە راستیەکی باوەڕپێکراو لە فۆرمێکی هونەریدا، تانانەت کارەکەش خۆی دەبینێتەوە لە پشاندانی نرخێکی جوانی و سەردەمیانە، هەروەها بیرۆکەی و هزری هونەرمەند نمایش دەکات بۆ بەر دیدی بینەران و هونەردۆستان و هونەرمەندان، لە چوارچێوەیەکی زانستیانەی پراکتیکی لەناو فۆرمێکی جوانیناسی و سەردەمیان و کە تێیدا خەسڵەتەکانی هونەری ئیستاتیکا بەرجەستە دەکات لە تایبەتمەندیەکانی هونەری و جوانیناسی پەیکەرسازی کورد-هەلێر.

مشتەی ( ٢ )
ناوی پەیکەر : وچان
هونـــەرمەند : سامان هیدایەت
مـــــــــــادە : بۆرەک
مـــــێـــــژوو : ساڵی (٢٠٠٣)
شـــــــــــار : هەولێر
پـــێـــوانـــە : (٦٠×٤٠×٤٠)سم
خاوەنداریەتی: کۆمەڵی هونەرمەند




چـــاوپێخشاندن و شرۆڤەکردن:

لە ڕووکاری پەیکەرە بینراوەکەدا بەشێوەیەکی گشتی هەست بە تایبەتمەندیەکانی هونەری و جوانیناسی پەیکەرسازی دەکەین، هەروەها نوێنەرایەتی مشتەی ئافرەتی دلێر و ماندو نەناس دەکات و بەناوی پەیکەری (وچان)، کە کارێکی پەیکەرسازیە لە سێ رەهەندی پێکهاتووە، لەسەرەوە بە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕوخسارێکی ماندوو و خەمگین خۆی نیشان دەدات، بوونی پرچێکی لاواز و تەپیو، هەست پێکردن بە چاوەکانی لەگەڵ بوونی فۆرمی لێوەکانی کە ئاماژەیە بۆ بێ دەنگی، ملێکی درێژ و ناسک و گڕ، هەروەها نەبوونی دەستەکانی و گونجاندنی لەگەڵ جەستەی، لەلایەکی تر دانانی مەمکەکانی شێوەیەکی لاویەتی داوە بە فیگەرەکە، بوونی قوماشەکی ناسک کە تێیدا ئەزموونی پەیکەرسازەکەمان بۆ بەدیار دەخات لەرووی باوەربوونی بە خۆی لە بوونی هەژموونی کارکردنەوە، ئەناتۆمی لە ناوقدیەوە زۆر بە باشی هەستی پێدەکەین تا دەگاتە سەر لاقەکانی بەشوەیەکی لولپێچی، لەگەڵ دروست کردنی ناوکی بەشێوەیەکی هەڵقولاو.

شیکردنەوەی کار:

مرۆڤ و هونەری پەیکەرسازی گەر لەڕووی مێژوویی و ژیوار و چۆنیەتی سەرهەڵدانیەوە هەڵسەنگاندنی بۆ بکەین زیاتر لە دوانەیەک دەچێت، هونەر وێنەی جۆراوجۆری ژیانی مرۆڤ و بەڵگەنامەی زۆربەی وشەی خۆی دەدات بەبینەرکانی، هونەرمەند کار لەسەر بنەمای شیکردنەوە بابەتی جوانیناسیە بۆ مەبەستەکانی، کە ئەم بەرجەستە هزریانەی تێدایە بەرجەستە دەبێت ڕەنگە ئەو پێکهاتەی سەرەوە بە دیکۆمێنتێکی پەیکەرسازیەوە نوێنەرایەتی بیرۆکەی هونەرمەندی پەیکەرساز (سامان هیدایەت) بکات، لێرەدا باسی سەرچاوەی کارە هونەریەکە دەکەین کە هەڵگری سەرچاوەی دەروونی، چونکە ئافرەت بە بناغەی هزری پەروەردەکردنی کۆمەڵایەتی دادەنرێت لەناو کۆمەڵگادا. دەربارەی شێوازەکەی کارەکانی هونەرمەند هەڵگری سیماو خەسڵەتێکن کە تایبەتمەندیەکی تاکبوونی بە خۆیداوە و لە ڕێگای ئەزموونە هونەریەکانیەوە بەدی هاتووە کە ئەویش شێوازی ڕاستیە (الواقعي)، لە تایبەتمەندیەکانی هونەری و جوانیناسی پەیکەرسازی بوونی هەیە و کە هونەرمەندی ناوبراو بەم شێوازە کارکردنە ناسراوە، کە بووەتە سیمبوڵی ناسکی لە کارەکانیدا. هەروەها سیستەمەکانی فۆرم لەم پەیکەرەدا خۆی دەبینێتەوە لە سیستەمی جەمسەری، تێیدا هونەرمەند بەبوونی هەژموونی هۆکارەکانی کارکردنی پەیکەرسازی لەسەرەوە بۆ خوارەوە خۆی دەبینێتەوە. دەربارەی کەرستەی کار پێکردنی لەم فۆرمەدا هونەرمەند هەستاوە بە سوود بینین لە شێشی باریک بۆ وەستانی کارەکە لەگەڵ بۆرەک کە لە دەوریدا بوونی هەیە بەشێوەیەکی تۆکمە و پڕکردنەوەی فۆرمەکانی لاش و لاری ئافرەتەکە لە ڕووی تویکاریەوە. تەکنیکە هونەرییەکانی هونەرمەند خۆی دەبینێتەوە لە پاک و خاوێنی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە کارەکانی لەگەڵ بوونی هەژموونێکی باشی شەفرە و لێگری کارکردنی پەیکەرسازی کە بووەتە ئاوێنەیەک لە باشتربوونی کارەکە بەشێوەیەکی ئەکادمیانە. هەروەها لە ناوەرۆک و وتاردا ناوبراو هەوڵی داوە هزر و فەلسەفەیەکی تایبەت بەخۆی لەناوکارەکانیدا بەرجەستە ببێت تاوەکو لەم رێگایەوە مەبەستەکانی بگەینێت بە چاوی بینەرەکانی، هەر بۆیە کاتێک هەڵوەستە لەسەر ناوەرۆک و وتاری کارەکە دەکەینەوە دەبینین هونەرمەند کاری کردوە لەسەر ئەو ژینگەیەی کە بوونی هەیە لەدەوروبەری خۆیدا و بینینەکانی رۆژانەی خۆی تێدا بەرجەستە بکات لە فۆرمێکی هونەری پەیکەرسازی بێنموونەدا، چونکە لەزۆربەی وڵاتان هونەرمەند موڵکی خۆی نیە بەڵکو موڵکی کۆی گەلە، هەربۆیە کاتێک کار دەکات بیر لە پانتاییەکی بەرفروانی کۆمەڵگا دەکات و هەوڵ دەدات بییانکاتە هەوێنی کارەکانیان و نیشاندانیان، لە چوارچێوەیەکی هونەری سەردەمیانە کە ببێتە ناسنامەیەک بۆ کۆمەڵێک بیر و بۆچوونی ئەوکۆمەڵگایەی کە تێیدا گوزەر دەکات لە ژیانی رۆژانەیدا، چونکە بە هۆکارێکی باش دادەنرێت بۆ پێناسە کردنی تایبەتمەندیەکانی هونەری و جوانیناسی لە ناو فۆرمێکی پەیکەرێکی پڕاوپڕ لە مانا و هزری هەست و نەستی هونەرمەندەکە، هەروەها ئاماژەیەکە بۆ هەڵگری کۆمەڵێ پرسیاری گەورە، کە دیمەنێکی وابەدەستەوە دەدەن کە واتاگەلێکی هەمەچەشنی دەروونی کەسیەکان لەخۆ دەگرێت بەشێوەیەک بووەتە ئاوێنەیەک لە کۆمەڵگادا.




مشتەی ( ٣ )
ناوی پەیکەر : ئازادی
هونـــــەرمەند : نامیق علی قادر
مـــــەتـریـــال : ئاسن
مـــــــێـــــــژوو : ساڵی (٢٠٠٧)
شـــــــــــار : هەولێر
پـــــێـــوانـــــە : (٥×٣٥×٥٨)سم
خاوەنداریەتی: گەلەری رۆژ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چــــاوپێخشاندن و شرۆڤەکردن:

مرۆڤ و هونەری پەیکەرسازی گەر لەڕووی مێژوویی و کەلتووری و چۆنیەتی سەرهەڵدانیەوە هەڵسەنگاندنی بۆ بکەین، دەبینین وەک سێبەر وان بۆ یەکتری، هەربۆیە بینینەکانم بۆ ئەم کارە هونەریە کە لە فۆرمێک پێکهاتووە، کە لە یەکەیەکی بینایی ستونی پێکهاتووە، کە لە لایەن پێکهاتەی ئاسنی ستوونێک لەسەر بنەمای راست و هەروەها بۆریەکی باریکی نیمچە کەوانەیی ئاسۆیی نوێنەرایەتی دەکرێت، بەو شێوەیەی کە ئەم بۆریە لە هەردوو سەری راست و چەپ بەرەو خوار دەڕوات، بەڵام لای چەپ لە بیرۆکەیکدا نوێنەرایەتی دەکرێت و شێوەیەک هەیە هاوشێوەی نیشانەی پرسیاری هەڵواسراوە، ئەم شێوەیە بەتەواوی لە سەرەوەی ستوونە سەرەکیەکە بوونی هەیە، وە پەیکەری پیاوێک لە سەرەوەی ستوونەکە لە پلەیەکی پێشەوەی دا دەدۆزینەوە کە سەری پێوە نییە، دەستی ڕاستی بەرزکردەوە بۆ سەرەوەی مەشخەڵێکی پێیە، لە رووی ئەنەتۆمیەوە هونەرمەند توانیویەتی بەرجەستەی بکات بە شێوەیەکی ئەکادیمی.

شیکردنەوەی کار:

پەیکەرسازی کارێکی هونەریە، کە دروست دەکرێت بە چەندین مەتریالی جۆراوجۆر، وەبەرەسەنە ڕێگای جیاواز دێتە بەرهەم، وەک بەکارهێنانی مەتریالی جۆراوجۆر کە پەیکەری لێ دروست دەکرێت، هەروەها گوزارشتە لە کۆمەڵێک ئاماژەی بینراو و نەبینراو لە سەر بنەمای تایبەتمەندی هونەری و جوانیناسی پەیکەرسازی. سەرچاوەی کارەکە دەگەرێتەوە بۆ سیاسی کە هەڵگری کۆمەڵێک دەستەواژەی ڕامیاریە لەرووی کاری هونەریەوە، کە هونەرمەندی ناوبراو هەستاوە بە دارشتنی بیرۆکەکانی لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا. هەروەها شێوازو ڕێبازەکەی دەگەرێتەوە سەر ئاراستەی ئەبستراکتی دەربرین، لە ئەنجامدا و بە شێوەێکی هاوچەرخانە لە بەرامبەر گۆڕینی شێوەی ئامێرێک یان شێوەیەک (فیگەرێک) کە ئاسنی بۆ کارێکی هونەری بەکاردەهێنێت، ئەم دەقەی بە دەربڕینێکی جوانیناسیە میتۆدەکە دایناوە، وەک ئەبستراکت وەک قوتابخانەیەکی هونەری ئامانج لێی گۆڕینی واقیع و ئازادکردنی فۆرمەکەیە. سیستەمەکانی فۆرم خۆی دەبینێتەوە لە هەرەمی کە هونەرمەند توانیویەتی هەژموونی خۆی تێدا بەکاربێنێت. کەرستەو تەکنیکی کارەکە هونەرمەندەکە توانی بە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شێوەیەکی زیرەکانە مامەڵە لەگەڵ ئەم مەتریالە خاوە بکات لە بەرامبەر دەرهێنانی سیستەمێکی فەرمی کە عەقڵی مرۆڤ بەڕێوەی بردووە، تێدا هونەرمەندی ناوبراو فەلسەفەی جوانیناسی خۆی دەبینێتەوە و سەرچاوە دەگرێت لە لای کارەکەیەوە، هەروەها خاسیەتەکانی جوانیناسی لە فەلسەفە جیا ناکرێتەوە، بۆیە هەموو کارێکی هونەری پێک دێت لە شێوە و هێما و بیرۆکە و واتاکان خۆیان دەبیننەوە لە کارێکی هونەری. هەروەها لە ناوەرۆک و وتاردا پەیکەرسازی کارێکی هونەریە، کە دروست دەکرێت بە چەندین مەتریالی جۆراوجۆر وەک ێ(ئاسن، بەرد، دار) وەبەرەسەنە ڕێگای جیاواز دێتە بەرهەم، وەک بەکارهێنانی مەتریالی جیاواز کە پەیکەری لێ دروست دەکرێت، هەروەها ئەو رەگەزە گرانبەهایەی لە بوونی مرۆڤ دایە و بە رەگەزی شێوە دەناسرێت کە هەستی جوانیناسی مرۆڤە، ئەو هەستیارییەش نەگۆڕەو چەسپاوە، ئەوەی کە لە گۆڕاندایە، دەربرینێکە مرۆڤ بە یاریدەی شکڵەوە بە هونەری دەکات، هەربۆیە پەیوەندیەکی پتەو هەیە لەنێوان پەیکەرسازی و جوانیناسی و کە دەبێتە هۆی دروست بوونی فیگەرێک کەتێیدا ئایدیاکانی خۆی بەرجەستە دەکات تێیدا، هەر بەم شێوەیە دەگەین بە دووتێی تایبەتمەندیەکانی هونەری و جوانیناسی پەیکەرسازی هاوچەرخ لەم کارەدا، چونکەی بیرۆکەی ئازادی خۆی لەخۆیدا هەڵگری کۆمەڵێک ڕەهەندی فەلسەفیە و زۆر لەوە زیاترە لە خۆ دەگرێت لە کاتی بوونی بیرۆکەکان لەناو پرۆسەی ئەم پەیکەرەدا، هەر بۆیە بۆ بەدیهێنانی ئیستاتیکایەکی هەست پێکراو بە هەست و سۆزە خودیەکان بەرامبەر بە جوانیەکانی ژیان دەردەخات، هونەرمەندیش لە ڕێگای ناوەرۆکەوە خۆی لە ژیانی رۆژانەی خەڵکەوە سەرچاوەی گرتووە و بووەتە هۆکارێک بۆ بەرەوپێش چوونی هونەر و کارەکانی لە ژیانی رۆژانەیدا.

## ٤.ا -ئەنجام و دەرئەنجام:

١-٤ ئەنجام: لە ئەنجامدا چارەسەری کێشەی توێژینەوەکەمان دۆزیەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

1 .پەیکەرسازی کارێکی هونەریە، کە دروست دەکرێت بە چەندین مەتریالی جۆراوجۆر، وەک (بەرد، قور، دار، رووخام، مەرمەر، برۆنز، ستیل، بۆرەک، ئاسن)، کە مرۆڤ و هونەری پەیکەرسازی گەر لەڕووی مێژوویی و ژیوار و چۆنیەتی سەرهەڵدانیەوە هەڵسەنگاندنی بۆ بکەین زیاتر لە دوانەیەک دەچێت، وەک لە مشتەکان بوونیان هەیە.

2 .بابەتی زانستی جوانیناسی ئەو جوانیەیە لە هونەر کە مرۆڤ داهێنانی تێدا دەکات، ئەم زانستە بە هونەر ناو دەبرێت، یان وردتر هونەرە جوانەکان، وەک ئەم مشتانەی سەرەوە.

3.پەیکەرسازی دەکەوێتە هەمان ململانێی خودیەوە کە تێیدا هەموو بیرۆکە سەرەتاییەکان دروستن چونکە بیرۆکەیەکی جوانە کە جێگەی ناگۆردرێتەوە و لێبڕاوە نیە.

4.هونەرمەند پشتبەستە بەو بنەمایانەی کە لە هونەری پەیکەرسازی هاوچەرخدا بوونی هەیە، کە لەناوەرۆکدا چڕ دەبێتەوە لە بنیاتنانی فۆرمێکی جوانی سەربەست لە دیدی بینراو وەک لە مشتەکان بوونیان هەیە.

٤-٢ دەرئەنجام:

1 . هونەری پەیکەرسازی یەکێکە لە داهێنەرەکانی مرۆڤ، تێیدا لەڕێگای ئەم هونەرەوە توانیویەتیان ڕووداوەکانی و بیرۆکەکانی خۆیان تۆمار بکەن لە مێژوودا .

2.هونەری پەیکەرسازی کە بۆ چەندەها هۆکار و مەبەست بەکاریان دەهێنا لە ژیانی رۆژانەیان وەک (ئاینی، کۆمەڵایەتی، خۆشەویستی، شەڕ، جوانی).

3.هونەرمەندانی هەولێر کاریان کردوە لەسەر سیمای هونەری لە زۆربەی پەیکەرەکان.

4.هەموو کردارەکانی بینینی جوانیناسی لە ڕێگای هەستەوەرەکانەوە گەڵاڵە دەبێت هەستی مرۆڤ ئەجولێنێت و دەبێتە هۆی چێژ بینین بۆی.

5.هونەرمەند زیاتر بریاری خودی لەسەر دەبێت، وە درک کردن بە هەستی جوانیناسی هەیە، بۆیە هونەر لە هەموو جیهان هەڵگری نامەیەکە بۆ بینەرەکەی و کە تێدا مەبەستەکانی هونەرمەندی تێدا نوسراوە.

6.تایبەتمەندیەکانی هونەری پەیکەرسازی وەک ژێرخان وایە بۆ بەرز راگرتنی پایەکانی جوانی و ئایدیاکانی لێکدانەوە نیشانەکانی کاری هونەرمەندەکان، کە دەرخستەی رووالەتی دەرەوەیە، بۆیە میتۆدی هزری لە بەردەوم جوانی خۆی دەنوێنێت و چێژ دەبەخشێت.

7 . هونەرمەندی ئەم ناوچەیە بە گشتی و هونەرمەندی هەولێر بەتایبەتی لە تێروانینی مێژوودا لە کەلتورو کەلەپوردا پەیوەستە بە قوڵایی میراتە مێژووییەکەی و خۆی.

٤-٣ ڕاسپاردە:

دوای ئەوەی توێژەر ئەنجام و دەرئەنجامی خستەڕوو، توێژەر ئارەزوو دەکات ئەوەی داهاتەوو بیکات بە ڕاسپاردە:

١-پێویستە تایبەتمەندیەکانی هونەری و جوانیناسی لە نێو شوێنە ئەکادیمیەکان هەڵوەستەی لەسەر بکرێت، وەک میتۆدێک لە پەیمانگا و کۆلێژی هونەرەجوانەکان خوێندنەوەی زیاتری بۆ بکرێت و قوتابیان و هونەرمەندان ئاشنایەکی زۆر پەیاکەن لەم بارەیەوە.

٢-گرنگی بدرێت بە ئەرشیف کردنی کارە هونەریەکان و دەست نووسە هونەریەکان لە شوێنە ئەکادیمی و زانستیەکان لەناو شاری هەولێر، بۆ ئەوەی شوناسی ئەم شارە بە شکۆداری بمینێت و نەوەکانی دوارۆژ ئاگاداربن لە مێژوو و ڕووداوەکان لە ڕێگای کارە هونەریەکانەوە.

٤-٤ پێشنیار:

توێژەر پێشنیار دەکات بەم توێژینەوەی خوارەوە :

١ . گرنگی سیمای هونەری و جوانیناسی شێوەکاری و پەیکەرسازی لەهەرێمی کوردستانی عێراق.

٢ . هەمە جۆری مادە لە بەرهەمهێنانی پانۆراما بۆ پێناسەی مێژووی گەلی کورد.

## سەرچاوەکان:

### فەرهەنگەکان:

ابن منظور، ٢٠٠٣ز، المعجم لسان العرب، الناشر دار الحديث، القاهرة، مصر.

بدوی، عبدالرحمن، ١٩٨٤، الفلسفة المعاصرة، المؤسسة العربيةللدراسات والنشر، بيروت.

عمر، احمد مختار، ٢٠٠٨ز، معجم اللغة العربية المعاصرة، نشر وتوزيع عالم الكتب، القاهرة.

محمد بن يعقوب الفيرز ابادی،٢٠٠٨، مجدالدين، قاموص المحيط، دار الحديث، قاهره، مصر.

مدكور، ابراهيم، ١٩٨٣ز، المعجم الفلسفی، الناشر الهيئة العامة لشئون المطابع الاميرية، القاهرة.

### سەرچاوەی کوردی:

پیربال، فەرهاد، ٢٠٠٦، مێژووی هونەری شێوەکاری لە کوردستاندا،چاپ: چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

جاف، خسرەو، ٢٠٠٩، دائیرەتولمەعارف، بەرگی دووەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

ڕید، هێربرت، ٢٠٠٧، مانای هونەر، و: سەربەست خەسرەو عارف، چابخانەی چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

قادر، ستار، ٢٠٠٦، وێنە کێشان چیە، چاپ: چاپخانەی بزافی ڕۆشنبیری سلێمانی، سلێمانی.

کارێزی، تاریق، ٢٠٠٦، ستاتیکاو شاکاری کوردی، دەزگای چاپ و بڵاو کراوەی ئاراس، هەولێر.

ئەحمەدی، بابەک، ٢٠٠٨، هەقیقەت و جوانی، وە: مسعود بابای، چاپخانەی خانی، دهۆک.

**سەرچاوەی عربی:**

أبو دبسه و غيث و الصمادي، ا.فداء حسين و خلود بدر و محمد علي، ٢٠٠٩، فلسفة علم الجمال عبر العصور، دار الاعصار، عمان، الاردن.

ألبهنسي، عفيف، ٢٠٠٤، علم الجمال وقراءات النص الفني، الناشر دار الشرق للنشر، دمشق.

ألخزاعي، عبدالسادة عبدالصاحب، ٢٠١١، الرسم التجريدي، الناشر دروب للنشر والتوزع، عمان.

بارو، اندريه، ١٩٨٠، بلاد آشور، ت: د. عيسى سلمان و سليم طه التكريتي، دار الرشيد للنشر، بغداد، عيراق.

بنگراد، سعيد، ٢٠١٣، السيمائيات: مفايمها و تطبيقاتها، نشر مكتبة الادب المغريبى، مغريب.

بەرتلمى، جان ، ٢٠١١، بحث في علم الجمال، ت:انور عبدالعزيز، دار نهضه، قاهره، مصر.

سالم، محمد عزيز نظمي، ١٩٧٨، الابداع في علم الجمال، الناشر دار المعارف، القاهرة.

سلوم، سائد، ٢٠٢٠، علم الجمال، الناشر الجامعة الافتراضية السورية، الجمهورية العربية السورية.

سيرنسكي، د.كلود، ٢٠١٦، الفن الحديث، ت: احمد صالح غالب الفقيه، الناشر الموسسةاليمنية للتنمية الثقافة، يمنية.

طاهري، رشيد، ٢٠١٨، الخطاب الجمالي في فكر دافيد هيون، الناشر قسم الفلسفة والعلوم الانسانية، الرباط- اكدال،المملكة المغريبية.

عبيد، كلود، ٢٠٠٥، الفن التشكيلي: نقد الابداع و الابداع النقد، الناشر دار الفكر اللبناني، بيروت لبنان.

كرم، يوسف، ٢٠١٤، تاريخ الفلسفة اليونانية، الناشر موسسة هنداوي للتعليم والثقافة، قاهرة، جمهورية مصر العربية.

مايرز، ١٩٥٢، برنارد، الفنون التشكيلية و كيف تذوقها، ت:سعد المنصوري و مسعد القاضي، الناشر مكتبة النهصة المصرية، القاهرة.

محمود، زكي نجيب، ١٩٧٩، في فلسفة نقد، الناشر دار الشرق، القاهرة، مصر.

مطر، امير حلمي، ١٩٧٩، مقدمة في علم الجمال، الناشر دار النهضة العربية، القاهرة.

موسكاتى، سبتينو ، ١٩٨٦، الحضارات السامية القديمة، ت: د. السيد يعقوب بكر، دار الكاتب العربى للطباعة والنشر، بيروت.

نوبلر، ناثان، ١٩٨٧، حوار الروية مدخل الى تذوق الفن والتجروبة الجمالية، ت: فخري خليل، دار المامون الترجمة والنشر، بغداد.

هيجل، فريدريک، ٢٠١٠، علم الجمال و فلسفة الفن، ت:مجاهد عبدالمنعم مجاهد، الناشر مكتبة دار الكلمة، القاهرة، مصر.
يوسف، عقيل مهدي، ٢٠١١، الفكرة الجمالية في الفن، دار آراس للطباعة والنشر، اربيل، اقليم كردستان العراق.
وتارە زانکۆییەکان (وانەکان):
خورشید، سەربەست ، ٢٠١٠، وتارێکی وانەیی مێژووی هونەری کۆن، قۆناغی یەکەمی شێوەکاری، کۆلێژی هونەرەجوانەکان، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر.

# The Characteristics of Art and Aesthetic of Sculpture of Kurdish Artists for Example in Erbil

**Karzan Ahmed Khuder**
Department of Plastic art, College of Fine Art, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
karzan8383@gmail.com

**Aras Ismail khider**
Department of Archaeological - College of Arts, Salahaddin University- Erbil/ Kurdistan Region of Iraq
Aras.khider@su.edu.krd

## Abstract
Sculpture art is like a binary in human identity, which continues to exist in history, sculpture is a true sense of sculptor and his view of daily life in an artistic work, which leads to a search for beauty characteristics, so the researcher has tried to work on the following research: (The characteristics of the art and Aesthetic of the sculpture of Kurdish-Erbil artists, for example) and here the researcher talks about the problem of research: What are the characteristics of art and aesthetics of the sculptor? The research finds itself in summary and four parts: part one: research problems, research importance, goals, boundaries: subject-art characteristics and sculpture aesthetics, location- (Erbil), time-year (2000-2007), definition of terms that find itself in

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(specialty, Aesthetic, sculpture, art, artist). Part Two: consists of three main axes such as: 1- artistic and aesthetic properties. 2- The characteristics of sculpture of this theory are the art of sculpture. 3- Sculpture by Kurdish artists (Erbil). The third part consists of research, research society, research punches, tools, data collection, and data analysis, in which (3) punches are selected in the purposeful style. The fourth part consists of (results, results, recommendations, suggestions) that the researcher has reached during the analysis of the tables, such as: the subject of the science of Aesthetic in the art that humans invent, this science is called art, or more beautiful arts, which are marked in tables. The researcher also suggests that the importance of artistic image and aesthetics of painting and sculpture in the Kurdistan Region of Iraq.
**With the main words**: (specialty, aesthetics, sculpture, art, artist).

## ( خصائص الفن والجمالية للنحت للفنانين الأكراد-أربيل )

**ملخص**

فن النحت هو مثل ثنائي في الهوية البشرية، والتي لاتزال موجودة في التاريخ، والنحت هو شعور حقيقي من النحات وجهة نظره للحياة اليومية في العمل الفني، مما يؤدي إلى البحث عن خصائص الجمال، لذلك حاول الباحث للعمل على البحوث التالية: (خصائص الفن والجمالية منحوتة لفنانين اكراد في أربيل كنموذج) وهنا يتحدث الباحث عن مشكلة البحث حول ماهيه خصائص الفن والجماليه للنحات؟ حيث يجد البحث نفسه في الفصول الاربعة كالاتالي: الفصل الأول: مشاكل البحث، أهمية البحث، الأهداف والحدود: خصائص الفن وجماليات النحت، الموقع- (أربيل)، لسنة (2000-2007)،
وتعريف المصطلحات التي تجد نفسها في (التخصص، الجمالية، النحت، الفن، الفنان). الفصل الثاني: يتكون من ثلاثة محاور رئيسية: 1- الخصائص الفنية والجمالية.
2-خصائص النحت. 3- منحوتة لفنانين أكراد في (أربيل). الفصل الثالث يتكون: من البحوث، مجتمع البحوث، الكلمات البحثية ، الأدوات ، جمع البيانات وتحليل البيانات ، والتي تتكون من (3) نماذج. والفصل الرابع يتكون من (النتائج والستنتاجات والتوصيات والمقترحات) التي توصل إليها الباحث أثناء تحليل الجداول، مثل موضوع علم الجمال في الفن الذي يخترعه البشر، وهذا العلم يسمى الفن أو الفنن الأكثر جمالا، والتي يتم وضع علامة عليها في الجداول. كذلك يشير الباحث إلى أهمية الصورة الفنية وجماليات الرسم والنحت في اقليم كردستان العراق. مع الكلمات الرئيسية: (التخصص، علم الجمال، النحت، الفن، الفنان).